# پێشەکی چاپی دووەم

لە پێشەکی چاپی دووەمدا، دەبێ دانی پیا بنێم، کە لە چاپی یەکەما هەڵەیەکی زۆری چاپ  دەقەکەی شێواندووە و کەموکوڕی هەیە لە رووی خاڵبەندییەوە، جگە لەوەش هەندێ هەڵەی وەرگێڕان و زمانەوانیم بەسەردا رەت بوو بوو، بۆیە دووبارە بەسەر دەقەکەدا گەڕاومەتەوەو تەواوی ئەم کەموکوڕییانەم چاک کردۆتەوەو تارادەیەکی باش هەڵەبژێریم کردووە و هەموو ئەوانەشم چاکردۆتەوە کەبەسەرما تێپەڕیبوون، دیارە مرۆڤ لە هەڵە بەدەر نییە، بە خوێندنەوەی چاپی دووەمی بەردەستتان دەگەنە ئەو راستییەی کە کازانتزاکی لە هەوڵ و تەقەلایەکی بێوچان بووە، بۆ ئاشت کردنەوەی هەردوو ئەو هێزەی کە لە ناخی مرۆڤدا لە ململانێدان، کە جەستەو رۆحن، ئەو دەڵێت: جەستەی خۆم خۆشویستووە و نەمدەویست فەنا بێت و رۆحی خۆشم خۆشدەویست، نەمویستووە تووشی بەڵا بێت، هەوڵم داوە هەمان ئەو دووهێزە دژبەیەکە ئاشت کەمەوەو وایان لێبکەم دەرک بەوە بکەن، کە ئەوان هاوڕێی کاری یەکترین و دژمنی یەکتر نین.

**کەریم دەشتی**

**هەولێر: پاییزی٢٠١٦**

# بەشی یەکەم

شنەباییێکی فێنک و بەهەشتی سەرتاسەری بوونی ئەوی داگرت.

لە بەرزاییەوە، ئاسمان ئەستێرە باران بوو، لە خوارەوە بە سەر زەوییەوە بەردەکان، کە لەبەر گەرمای سوتێنەری خۆرەتاودا گڕیان گرتبوو، هێشتا هەر هاڵاویان لێهەڵدەستا، ئاسمانو زەوی ئارامو دڵکێش بوونو تژی بێدەنگی قووڵی هاتو هاوارو بێ زمانی شەو بووبوون، بێدەنگ تر لە خودی بێدەنگی، هەوا تاریک بوو، پێدەچوو نیوەشەو بێ، مانگو خۆر، چاوانی خودا، داخرابوونو لە خەودا بوون، پیاوە جەوانەکە کە شنەیێکی نەرم هزری دوور دوور بردبوو، نوقمی جیهانی جەزبە و نهێنی بوو بوو، بەڵام لەکاتێکا لە خەڵوەتگەی باغی بەهەشتدا هزری خۆی تێر ئەندێشە دەکرد، ، لەناکاو باکە گۆڕاو زەمەک و پڕ هەڵگەڕا، ئیدی ئەو بایە باییکی بەهەشتی نەبوو، بەڵکو هەڵمی چەند هەناسەییێکی گرانو سەنگین بوو، وەک بڵێی لە بێشەییێکی چڕ یا باغێکی تەڕو نمناکدا، لەژێرەوەی قاچی ئەودا، دەوارێکی بە هانکە هانک یا گوندێ بۆ چوونە خەو، لە هەوڵێکی داماوانە دابێت، هەوا سەخت بێ ئارام بوو، هەناسەی هەڵماوی مرۆو ئاژەڵو پەرییەکان سەرهەڵدەگەڕا، لەگەڵ عەتری ئارەقەی تیژی لەشی مرۆڤدا تێکەڵ بە یەک دەبوون، نانی تازە لە تەنوردا دەردەهێنرانو ژنان رۆنی هەڤرسیان لە پرچیان هەڵدەسووی، بۆنت هەڵدەکێشاو، هەستت دەکرد، تێ رادەمای، بەڵام هیچت بەدی نەدەکرد، هێدی هێدی چاوەکانت خووی بە تاریکییەوە دەگرت، دەتتواتی شۆڕەبی باڵابەرز کە رەشتر بوو لە شەو، دەگەڵ دەستەیەک لەدار خورما کە وەک کانیێ سەریان وێکهێنابوو، هەروەها درەختەکانی کەم گەڵای زەیتوون، کە لە تاریکیدا وەک نوقرە دەدرەوشانەوەو لەبەر با کەوتبوونە خشەخشەوە، دەستنیشان بکەی، لەو جێیەدا، لە خاڵێکی سەوزی زەویدا، چەند کوختییێکی پەڕپوتت دەبینی، کە زەمانێ لەگەڵ یەکو زەمانێ تاک تاک، بەسەر زەوییەوە هەڵنرابوون، لە

# بەشی دووەم

کوڕە گەنجەکە بە سەر ئاردەدارەکانەوە هەڵسایەوەو پشتی خۆی دابەدیوار، قامچییێکی بە دوو ڕیز بزماری تیژ نەخشێنراو بەسەر سەریەوە هەڵواسرابوو، هەموو شەوێ پێش خەو ئەوەندەی بە قامچی لە خۆی دەدا، هەموو گیانی شەلاڵی خوێن دەبوو، تا بەدرێژایی شەو بەئارامی بمێنێتەوەو تووشی گوناهکردن نەبێ، لەرزینێکی سوک دایگرتبووە چەنگاڵی خۆیەوە، نەیدەتوانی وەبیرخۆی بهێنێتەوە کە چ وەسوەسەیەک لەخەوندا هاتبووە سۆراغی ئەوەوە، بەڵام هەستی دەکرد بە سەلامەتی لە مەترسییێکی گەورە رزگاری بووە، لە حاڵێکدا چاوی بڕیبووە ئاسمانو ئاخی هەڵدەکێشا، لەگەڵ خۆی کەوتبووە چپەوە :- زیاتر لەوە تاقەتم نییە ئیدی بەسە. ڕۆشنایی تازە هەڵاتوو، بەنادڵنیایی‌و کەم ڕەنگیەوە لە درزی دەرگاوە خزیە ژوورەوە، لەگەڵ قامیشەڵانەکانی بنمیچی ژوور بە خۆو بە ڕەنگی زەردی سازگاریانەوە تیشکێکی غەریبو دڵگیری عاجییان دەبەخشی، لەکاتێکا لە تووڕەییان ددانەکانی بەسەریەکدا دەقرمسان، لەبەرخۆ کەوتە ورتەوە ورتەوە :- زیاتر لەوە تاقەتم نییە ئیدی بەسە. چاوەکانی بڕیە هەواوەو لەپڕێکا تەواوی ژیانی خۆی بە بەرچاویدا گوزەری کرد: گۆچانی باوکی کە لە ڕۆژی ناولێنانی ئەودا شکۆفەی کردبوو، ئەو کاتە بروسکەییێکی لێ هەڵساو پەکی خستبوو، لەمە بەدوا کە دایکی لەو- کوڕەی خۆی- رادەما هیچی نەدەگوت، بەڵام ئەو گلەیی لاڵی دایکی خۆی دەبیست، هەق بە دایکی بوو، گوناهەکانی ئەو شەوو ڕۆژە وەک خەنجەرێ دادەبەزیە سەر دڵییەوە، ئەو چەند ساڵەی ئاخیری بەبێ هوودەییەوە کەوتبووە جەنگەوە، تا بە تەنها ئەو شەیتانی لە بوونی ئەودا مابوو، واتە ترس ببەزێنێ، شەیتانکانی دیکەی تووشی نابوودی کردبوو: هەژاری، هەوەسی ژنان، لەززەتی گەنجێتی، کۆنترۆڵی تەواوی شەیتانکانی کردبوو، تەنها شەیتانی ترس نەبێ، چی دەبوو کە غەلەبەشی کردبایە سەر ئەویشەوە، چ دەبوو ئەگەر بیتوانیبایە... ئەو ئێستا

کردەوە، بەڵام هەموو چاوەکان بە نوری خودای مەزن نابینا بووبوونو کەسێک دەرگای بچووکو کۆتایی لە قەڵاکە نەبینی کە گۆشەکەی کرایەوەو مەجدەلیە بەروخساریَ کە لە رەنگیروخساری مردوو دەچوو، لە حاڵێکدا چاوانی ئەشکئامێزی خۆی دەسڕیەوە، بەدیارکەوتو ئاشکرابوو، رەحمی بە خەڵکە مەحکومە کرد، شەوەنگاوان چوو بووە سووراغیەوە تادوا لەززەت، شیرنترین لەززەتیَ کە دونیا دەتوانیَ بەنسیبی مرۆڤی بکات، هەرزانی ئەوی بکات، بەڵام ئەو لە جانبازە سەرسەختەکان بوو، کە سوێندی خواردبوو تا نەجاتی ئیسرائیل پڕچو خواردنەوەی شەرابو گەڕانو سووران بە دوای خۆشی لە خۆیدا حەرام بکات، مەجدەلیە بە درێژایی رۆژیَ رووبەڕووی دانیشت و سەیری ئەوی کرد، بەڵام چاوی ئەو لە ئورشەلیم بوو، کە لە وان دەوراندا لە پشت کەزی رەشی ژن دانیشتبوو، ئورشەلیم ی ژێر دەسەڵاتو بەدکارخانەی ئەوان رۆژان ناڵێم، ئورشەلیمی پیرۆزی ئایندە خۆیو حەوت دەروازەی پیرۆزمەندی قەڵاکەی، بە حەوت فریشتەی پاسدارو هەفتاو هەفت میللەتی دونیا لە پێشگایدا کەوتبوونە سەرخاکەوە، ئاوەها کە مەحکوم مەمکی تەڕو فنێکی ئورشەلیمی ئایندەی ساودەدا، مەرگ نەدەماو جیهانی دەوروبەری شیرینیان تام دەکرد، مەمکی ئورشەلیمی گرتە ناو لەپی، تەنها ئەندێشەی شتێکی دەکرد، خودای ئیسرائیل خودایێ کە نە قژی ئارایشتێکی بەخۆوە بینی بوو، نەلێوەکانی بەشەراب بوو، نەجەستەی بەجەستەی ژنیَ کەوتبوو، جانباز شەو هەموو شەویَ، ئورشەلیمی بەسەر ئەژنۆکانیەوە دادەناو مەلەکوتی ئاسمانی لە قاچی خۆی پەنا دەدا، نە لەگەڵ فریشتەو هەورەکان، بەڵکو بەو شێوەیەی کە خۆی دەیەویست: گەرم لە زستانو فێنک لە هاوینو دروستکراو لە خاکو مرۆڤ.

خاخامی پیر، کچی خۆی بینی کە لە قەڵاکان دێتە دەرەوە، رووی لێوەرگێڕا، کچەکەی وەکو داغێک وابوو بەهەنیەیەوە، ئا بەڕاستی لە تووی پاکو لە خودا ترساوی ئەودا ئەم زاتە چۆن هاتۆتە کایەوە؟ کامە شەیتان، کام دەستی ناپاک، ئەوی بردۆتە سەر رێی چەوتیەوە؟، رۆژیَ بەر لە گەڕانەوە لە جەژنی – کاندا – گەڕابۆوەو ئارەزوی مەرگی کردبوو، پاشان وەکو دیوانە کەوتبووە شەقامەکانەوە، ئەو کاتە ماڵی باوکی بەجێهێشتبوو، لە مەجدەلدا کە کەوتبووە سەر رێی کاروانەکان، گیرسابۆوە، بەدکار ماڵێکی دروست کردبوو، بەسینەی کراوە، بیَ باکانە بەرەو ئاپۆڕەکە دەهاتە پێش، سووراری سەر لێوو گۆناکانی

تەواوی بووبوومە رۆح لەگەڵ خودا بووم بە یەک، بەڵێ لە ناو دەروونمدا گوێم لە دەنگی بوو، لە دەرەوە یا لە بەرزایی سەرم نەبوو، لەناو دەروونم بوو،بەڵێ لە دەروونم، دەنگی حەقیقی خودا هەمیشە لە رێگەی دەروونەوە دەگاتە گوێمانەوە،بیستم، :- شەمعون...شەمعون، تۆ بەر لەمەرگ دیداری کریستۆ دەکەی، گوێت لە دەنگی دەبێ، دەستەکانی دەگریە ناو دەستت...

ئەوەندە زەوقم هەبوو، کە رووت وقووت لەژێر مانگدا کەوتمە هەڵپەڕینو چەپڵەوە، ساتێک درێژەی کێشا یا هەزار ساڵ، نازانم، بەڵام چەند درێژەی کێشا بەشی کردمو ئارام بوومەوە، جلەکەم کردەبەرو بۆلای ناصرە سەرەو ژێر بوومەوە، ساتێ کەلەشێرەکان لە لانەکانیان بەسەرپشتی بانەکانەوە منیان دیت، دەستیان کرد بە خوێندن، ئاسمان پێکەنی، مەلەکان بێدار بوونەوە، دەرگاکان کرانەوە سەلاویان لێکردم، کوختە قێزەوەنەکەم لەسەرەوە تا خوارەوە دەدرەوشایەوە، دەرگاکان پەنجەرەکان، هەموو شتێ لە رەنگی یاقووتدا بوون، جەنگەڵو تەختەبەردەکانو خەڵکو هەموو بۆنو بەرامەی ئامادەیی خودایان لە دەوروبەرم پەرش بڵاودەکردەوە خودی یۆزباشی بە هەموو خوێنخۆری خۆیەوە، بەسەرسامی لە جێی خۆیەوە وەستاو پرسی :- خاخام ئەوە چی رویداوە لە تۆ؟ وجووی تۆ بۆتە مەشخەڵێکی هەڵگیرساو ئاگاداربە ئاگر لە ناصیرە بەرنەدەی. بەڵام شتێکم نەگوت، نەمدەویست هەناسەم پیس ببێ.

ساڵەهای ساڵە کە ئەو رازەم لە سەرای دڵ پاراستووە، بە شانازییەوە لەززەتم لێ چەشتووە، لە چاوەڕونیدا دانیشتووم، بەڵام ئەمڕۆ ئەو رۆژە رەشە کە بینەری کوتینەوەی خاچێکی تازە بووین بەسەر دڵی ئێمەوە، ئیدی توانای پاسداری کردنی رازم لە دەستداوە، دڵم بە حاڵی قەومی ئیسرائیل دەسووتێ، لەبەر ئەمە ئەو هەواڵە خۆشی بەخشە بۆ تۆ ئاشکرا دەکەم، ئەوە خەریکە دێت، نابێ دووربێ، رەنگە لەسەر رێگای خۆی، لە ماڵێکی نزیک بۆ خواردنەوەی قومێ ئاو یا لە کەنار تەنورێ، کە نانی تازەی لێ هاتۆتە دەرەوە، بۆ خواردنی لوقمەیێ نان وەستابێ، بەڵام لەهەر کوێیەک بێ هەر زوو بەدیار دەکەوێ، چونکە خودا وایگوت، خودا قسەی خۆی ناکێشێتەوە، :- شەمعون تۆبەر لە مەرگ کریستۆ دەبینی، گوێت لە دەنگی دەبێت، دەستەکانی لە ناو دەستت دەنێی.

ڕۆژ بە رۆژ بێ تواناتر دەبم، بەڵام بە هەمان رێژە کە تواناییم لە دەست

زێڕینیان، ئورشەلیم لەکوێیە؟ چرایێکی ڕۆشنم هەڵگرتووە، لەکێوەکانیا لەتاریکیدا دەگەڕێمو دەسووڕێم، هاوار دەکەم:-

ئورشەلیم ئورشەلیم!. بەڵام بەتەواوی جێهێڵراوە، هەتا قەلەڕەشێکیش وەڵام ناداتەوە، قەلەکان خواردوویانەو ڕۆیشتون، هەتا ئەژنۆکانم دەچمە ناو کەللەسەرو ئێسقانەکان، فرمێسکم لەچاودێن، بەڵام ئێسقانەکان بەرکەناردەکەمو ڕەهایان دەکەمو پێدەکەنم، لاردەبمەوە، درێژترین ئێسقان دەگرمەدەست شمشاڵ دروست دەکەمو سروودی جیلوەوجەلالی خودا دەژەنم.

بەدرێژایی شەوی دووەم ئاوەمۆرکار لەتاریکی خودادا وەستا، پێدەکەنیو گولیو شێتی ستایش دەکرد، مەسیح چۆکی پەیامبەری گرتو پرسی :- ئایا ناتوانرێ ڕزگاری لەڕێگەی ئەشقو شادیو میهرەوە بەدیاری بۆ دونیا بهێنرێت؟. ئاوەمۆرکار بێ ئەوەی بۆ سەیرکردنی ئاوڕ بداتەوە، وەڵامی دابۆوە:-

مەگەر کتێبی پەیامبەرانت نەخوێندۆتەوە؟ ڕزگارکەر کەمەریان دەشکێنێ، دانەکانمان دەشکێنێ، ئاگر پەرش دەکاتو مەرزەکان دەسووتێنێ، هەموو ئەوەش بۆیە ئەنجام دەدات تا زەوی تۆو بکات، دڕکو داڵو گەڵاو گەزنە لەڕیشەوە دەردەهێنێ، چونکە ئەگەر درۆزنانو ستەمگەرانو ناپاکان لەناونەبەیت، چۆن دەتوانی درۆو نەنگیو ستەم لەسەر زەویدا لەناوبەری؟ زەوی دەبێ بژار کێت، دەبێ ڕەحمی پێ بکرێ، دەبێ پاکوبژار بێتو بۆ پەرشکردنی تۆوی تازە شۆبدرێتەوە.

دووەمین شەو رابرد مەسیح هیچی نەگوتبوو، چاوەڕوانی شەوی سێهەم بوو:- ڕەنگە ئاوازی پەیامبەر نەرم بێت.

سێهەم شەو ئاوەمۆرکار بەشڵەژانەوە بەسەر بەردەوە خۆی هەڵگێڕو وەرگێر کرد، بەبێ پێکەنینو گفتو گۆ، مەسیحی لەڕووی نیگەرانیەوە بەسەر دەکردەوە، بازوو دەستو شانەکانی ئەوی بەڕوانین دەپشکنی، ئەوکاتە سەری تەکاندو بێدەنگ مایەوەو هەوای بۆن دەکرد.

لەپرتەوی نووری مانگدا، لە چاوانی دەرپەڕیویدا دەتوانی ئەوە ببینیت، کە زەمان جارێ سەوزو جارێ زەرد دەدرەوشێتەوە، خوێنی تێکەڵ بەئارەقەی لە توێڵی هەتاودا بازرقەی دەدا، لە ئەنجامدا سپێدەدەمان ڕۆشنایی سپی سەحەریان بەسەردا هەڵاتبوو دەستی مەسیحی گرت، سەیری چاوانی ئەوی کردوروخساری تێکچڕژاند :-

هرودیای ژنی براکەی بۆلای مێردی خۆی ڕەوان کردبۆوە، کاهینە گەورەکان‌و ورگنەکان دەرگای سندوقچەکانی خۆیان کردبۆوەو کاڵاکانی ناویان بەسەر هەژارەکاندا دابەش کردبوو، هەژارەکانیش ئازادانە هەناسەیان هەڵدەکێشاو دڵیان لەبەر نەفرەت‌و حەسوودی و ترس پاک کردبۆوە، مەسیح سەیری دەستەکانی خۆی کرد، ئەو تەورەی کە پێشەنگ نابوویە دەستییەوە، شکۆفەی کردبوو، ئێستاکێ لقێە بادامێکی پڕ لەمیوەی لەدەست دابوو.

ڕۆژی بە هەمان ئەو هەستەوە بەئارامی بەسەربرد، بەسەر بەردەوە راکشاو چووە خەوەوە، شەو، تەواوی شەو دەنگی ئاوی هەڵڕژاو و سەمای کەروێشکە بچووکەکانی دەبیست، دوو کونە لووتی نمناک و تەڕ بۆنی ئەویان دەکرد، دەمەدەمی نیوەشەو واهاتە بەرچاوی کە چەقەڵێکی برسی هاتۆتە باڵای سەریەوەو بۆنی دەکات، ئایا ئەوە لاشەییێک نەبوو؟ جانەوەرەکە بۆ ساتێ دوودڵ وەستا، مەسیح لە خەودا میهری بۆ ئەو نواند، دڵی دەیخوازی کە سینەی بکاتەوەو خۆراکی پێبدا، بەڵام نەیکرد، گۆشتی خۆی بۆ مرۆڤـ دانابوو، بەر لە سەحەر بێداربۆوە، تۆڕێ لە ئەستێرە گەورەکان ئاسمانیان داپۆشی بوو، هەوا کوڵکن‌و شین بوو، لەبەرخۆ کەوتە ئەندێشەوە

:- لەم کاتەدا، کەلەشێرەکان بێداردەبنەوە، دێیەکان چاویان دەکەنەوە، پیاوان چاویان دەکەنەو لەکلاوڕۆژنەی بنمیچدا سەیری پرتەوی نوور دەکەن، مناڵە شیرەخۆرەکان ئەوانیش بەنۆبەی خۆیان بێدار دەبنەوەو دەزریکێنن، دایکیەکانیان دێن‌و مەمکە پڕ شیرەکانی خۆیان لە دەمیان دەنێن.. بۆ ساتێ دونیا، هەموو خەڵک، ماڵەکان، کەلەشێرەکان، مناڵان‌و دایکان، بەسەر بیابانەوە شەپۆلیاندەدا، هەموویان لەشەختەی سپێدان‌و شنەبادا ڕسترا بوون، بەڵام ئێستاکێ بەهەڵاتنی خۆر هەموویان هەڵدەمژران دڵی وازهێنەر لە دونیا، خاڵی دەبوو، لە دڵی خۆیا گوتی چ دەبوو ئەگەر دەمتوانی ئەو شەختەیە بکەمە جاویدانی، بەڵام زەینی خودا گەرداوێکی مەرموزەو ئەشقی ئەو تەڵانێکی سامناکە، دروست لەو کاتەی کە میوە دەدەن، دارمێوەکانی دونیا نیشاندەداو لەمیاندا هەڵیاندەگرێ‌و دارمێوێکی دی پیشاندەدا، وشەکانی ئاوەمۆرکاری هاتەوەیادو خەڵکی چ دەزانێ، لەوانەیە ئەشق تەوری لەگەڵدابێ.. لەبەرخۆ لەرزی، ڕەنگی سووری وەحشی ژێر خۆرەتاو کە بەتووڕەیی بە تریفەیێ لە تۆڤان سەرهەڵگەڕابوو دەیجریواند، با هەڵیکرد، بۆنی قیڕو گۆگردی

زەمزەمەیێ لەمیانی ئاپۆرەکەوە هەڵسا، لەناکاو نەخۆشی تازە هاتن‌و حەوشەیان پڕ کرد، پەترۆس گوتی :- مەولای من خەڵکی سەبریان نەماوە کەوتونەتە بڵمەو بۆڵەوە.

- چییان دەوێ؟

- قسەیێکی موحیبەت ئامێز، پەرجوو سەیریان کە.

مەسیح گەڕایەوە، لەهەوای شپرزەدا ڕێژنەیەک کە هەڵدەڕژا، سەیری ئاپۆرەکەی کرد کە بەدەمی نیوەکراوەیان، پرس‌و تەمەنناو بەچاوانی پڕ لە ئازارو دەردەوە سەیریان دەکرد، پیرەمێردێ لەمیانی ئاپۆرەکەدا هاتە پێش، ئەو لەبەین چوو بوو، پێڵوەکانی لەدوو بڕین دەچوون. دە نووشتە بەدەوری گەردەنی ئێسقان ئاسای شۆڕبوبۆوە، کە هەریەک گوزارشتی لە دەفەرمان دەکرد، خۆی دابووە سەر گۆچانە دوو فلیقانەکەی لە دەرگای ماڵدا وەستا بەدەنگێکی پڕ لە ناچاری‌و ئازارەوە گوتی :- مەولای من... من پیرەمێردێکی سەد ساڵەم، دە فەرمانم بەگەردنمەوە هەڵواسیوە، تاهەمیشە لەبەرچاوم بێ، سەرپێچیم لەهیچ یەک لەو فەرمانانە نەکردووە، هەموو ساڵێ دەچمە ئورشەلیم قۆچێکی قوربانی پێشکەش بە صەبایوتی پیرۆز دەکەم، مۆم دادەگیرسێنم‌و بخور دەسووتێنم، شەوانە لەجێی خەوتن مەزامیرەکانی داود دەخوێنمەوە، جارێ سەیری ئەستێرەکان دەکەم‌و جارێ کێوەکان- لە چاوەڕوانی دابەزینی خوداوەند دەمێنمەوە تا دیداری بکەم، ئەو تەنها پاداشتێکە کە بە دوایدا دەگەڕێم، ئێستا ساڵەهای ساڵە کە لە چاوەڕوانیدا ماومەتەوە، بەڵام چ چاوەڕوانیەکی بێهودە، پێم لەسەر لێوی گۆڕە، بەڵام هێشتا ئەوم نەبینیووە، بۆ...بۆ؟! ناچاری من ناچارییێکی گەورەیە، کەی خودا دەبینم؟ کەی ئارام دەبمەوە. هەروەسا کە قسەی دەکرد، دەم بەدەم تووڕەتر دەبوو، درێژەی نەکێشا کە گۆچانی دووگوێی لەزەوی کوتاو هاواری دەکرد. مەسیح بزەییێکی هاتێ، وەڵامی دایەوە :- پیرەمێرد یەکێ بوو یەکێ نەبوو، لەدەروازەی ڕۆژهەڵاتی شارێکی گرینگ، تەختێکی مەڕمەڕی هەبوو، هەزار پاشا کە چاوی ڕاستیان نابینابوو هەزار پاشای نابیناش لە چاوی چەپیانەوە بەسەر ئەم تەختەوە دانیشتبوون، هەموو ئەوانە بانگی خودایان دەکرد کە دەرکەوێ تابیبینن، بەڵام هەموویان بەحەسرەتەوە سەریان بردە ژێر گڵ، لەو کاتەی کە پاشا مردبوو گەداییێکی پێپەتی‌و برسی هات‌و بەسەر تەختەکەوە دانیشت لەبەرخۆ گوتی :- خوادوەندا، چاوانی مرۆڤـ

کەرەستانەی کرد کە لەگیانی خۆی ئازیزتربوون، سەیری ئەو چوارپایەی کرد کە لەسەری دادەنیشتو پینەدۆزی دەکرد، کەتەر، سوژن، دەزوو، بزماری سەرپان...و دووبارە ئاخێکی هەڵکێشاو بەبنی لێویەوە گوتی :- ئاخر چۆن دەتوانم دەسبەرداری ئەوانە بم؟.

- نیگەران مەە، لەو بەرزاییەدا کەرەستەی زێرین وەدەست دێنیٚ، سۆلەی زێرینی فریشتان چاک دەکەیتەوە، راسپاردەی جاویدانەی بەدەر لەژمارەت بۆ دێت، بەبیٚ کاری نامینێیتیەوە، تەنها زووتر جووڵە بکەو وەرە بە ئوستاد بڵیٚ :- من لەگەڵ تۆم.. تەنها ئەوە :- من لەگەڵ تۆمو بۆ هەر شوێنیٚ برۆی بەدوای تۆ دێم تا دەمی مەرگ. شتێکە کە ئێمە سوێندمان پیٚ خواردوە، پینەدۆز بەلەرزێکەوە لەگیانی گوتی :- تادەمی مەرگ!. ئەو لەشێکی زلو زەبەللاحی هەبوو، بەڵام دڵی وەک دڵی بچووکی پەروانە وابوو.

شوانە بۆ ئەوەی دڵنیای بکات گوتی :- کورپژگە، لەرێگەی قسەوە گوتم ئەوە شتێکە سوێندمان پیٚ خواردەوە، بەڵام دڵێکی بەهێزت هەبیٚ، کە ئێمە بەرەو گەورەیی دەچین نەک مەرگ، دۆستی من، ئەو پیاوە مرۆڤـێکی ئاسایی نییە ئەو کوڕی ئینسانە..

مەگەر نەئەوەی کە مرۆڤـ و کوڕی مرۆڤـ وەک یەکن؟

یەکن؟ شەرم لە قسەی خۆت ناکەیتەوە؟ مەگەر هیچ کاتیٚ قسەی دانیال پێغەمبەرت نەبیستووە؟ :- کوڕی ئینسان. واتە کریستۆ، بەگوزارشتێکی دیکە واتە پادشا ئەو هەر زوو دەیەویٚ بەسەر تەختی جیهانەوە دانیشیٚ، ئێمەش واتە هەموو ئەوانەی لەرووی تێروانینەوە بەدوای کەوتووین شانازیٚو نیعمەتەکانی دابەش دەکەین، ئیدی بەپێی پەتی بەریٚ ناکەویٚ، سۆلەی زێرین لەپیٚ دەکەیٚو فریشتەکان لاردەبنەوەو تا قەیتانی پێڵاوت دابخەن، ناتانیل لەمنت گویٚ لیٚ بیٚ، ئەوە مامەڵەییێکی چاکە لێنەگەرێی لەدەستت بچیٚ، ئیدی زیاتر لەوە دەتەویٚ چیت پیٚ بڵێم، تۆماسیش هاتە رێزی ئێمەوە، ئەو پیسکەیە بۆنێکی خۆشی بەرلووت کەوت هەتا کراسەکەی خۆشی دایە هەژارانو تاویدا، تۆش راکە، ئێستا ئەو لە ماڵی زوبەدییە.... یاڵڵا وەرە بابڕۆین.!

ناتانیل هێشتا بەدوودڵی لەشوێنی خۆیدا مایەوە، لە ئەنجامدا گوتی :- تەماشاکە فیلیپ، تۆ لە ئەنجامی ئەو کارە بەرپرسی، من هوشیارت دەکەمەوە کە لە حاڵەتی ئەوەی هەست بەمەترسی بکەم تێی دەتەقێنم، من بۆ هەموو

کاتەی کە خۆتان لەبەرانبەر گۆڕی ئازیزێکی لەدەستچوودا دەبیننەوە و فرمێسک دەڕێژن، هەمیشە با ئەو بێخەمیە گەورەیە بەسەر ستوونی یادەوەریتانەوە بێ کە مەرگ دەرگاییێکە بەرەو جاویدانی دەکرێتەوە، دەرگاییێکی دیکە نییە، ئازیزی ئێوە نەمردووە جاویدانەیە..

* وەرگێڕی فارسییەکەی نووسیویەتی لە مەتنەکە ئاوا هاتووە.... بۆ هەلقۆڕاندنی شەرابی تازە، دەبێ بەدوای کوندەی تازە بگەڕێین، کوندەی تازەی شەراب، وشەی تازە ...

بهێڵن، کاتی تەنها بوون، مەسیح لاربۆوە دەمو توێڵو چاوی ئەوی ماچ کرد، پیرەمێردی بەروخسارێکی دەروشاوە دیتو چاوی بڕیە چاوی مەسیحەوە.

- من ئەلیاسو موساو تۆم دووبارە دیتەوە، ئێستە دڵنیام.. من وادەڕۆم

- باوکە خوداوەند لەتۆ رازی بێ، ئایا رازیت؟

- بەڵێ لێگەڕێ دەستت ماچ کەم.

دەستی مەسیحی گرتو ماوەییێکی درێژ لێوی ساردی خۆی بەسەریا چەسپاند، لەحاڵی جەزبەدا بەخامۆشی سەیری ئەوی کردو ماڵاوایی کرد، بەڵام، یەکسەر لێوی بەقسە کردەوە

- تۆ کەی دەچیە ئەو باڵایەوە؟.

- بەیانی.. لەڕۆژی جەژن باوکە بە ئومێدی دیدار تا سبەی.

خاخامی پیر دەستەکانی خۆی خاچ ئاسا بەسەر یەکەوە دانا، بەژێر لێویەوە گوتی :- خودایە، گیانی ئەو بەندەی خۆت بسەنەوە، چاوەکانم بەدیداری رزگارکەری خۆم رووناک بۆوە..

## بەشی بیستو هەشتەم

خۆرەتاو گەیشتبووە ئاسۆ، بەتیشکی درەوشاوەی سوورەوە» خەریکی ئاوابوون بوو، لەلای خۆرهەلاتی ئاسمان، نووریکی سیم ئاسا بەدیارکەوت، مانگی گەورەو خامۆشی جەژن بە خیرایی دەهاتە دەرەوە، تیشکی کەمرەنگی خۆرەتاو هیشتا لەناو مالەوەی دەدا، دەکەوتە سەرروخساری ناسکی مەسیحەوەو لەوێ تویلو لووتو دەستەکانی یاوەرانی دەگرتە خۆ، ئەوکاتە بە بەرەو پیشەوەچوونی بۆ سووچی ژوورەکە روخساری ئارامو شادومانو ئیستای جاویدانی خاخامی پیری دەلاواندەوە. مەریەم لەکەنار کارگەی رستندا دانیشتبوو لە سیبەری قوولی کەسێ کە فرمیسکەکانی ئەوی هیدی هیدی لە گوێو چەنەگەی سەرەوژیر دەبۆوەو دەکەوتە سەر پارچە نیوە ریستراوەکەدا، مال هیشتا بۆنی عەتری دەداو عەتر لە پەنجەکانی مەسیحدا دەچکایەوە.

لەپریکا لە هەمانحالدا کە ئەوان لە بیدەنگیدا دانیشتبوونو هەریەک لەوان بەهاتنی شەو دل پەریشانتردەبوون، پەرەسیلکەیێ، وەک چۆن وەشانی توندی شمشیرێ، لە پەنجەرە هاتە ژوورەوەو سێ جاران بەدەوری سەریاندا سووڕاو بەشادومانی جیکەجیکی کرد، سەرلەنوێ بەرەو خۆرەتاو گەڕایەوەو وەکو تیر چووە دەرەوە، ئەوان هەتا هەلی دیتنی سگی سپیو بالی دەندەیی ئەویان نەبینی.

مەسیح وەک بلیی لە چاوەڕوانی هەمان نیشانەی سیمبولئامیزدا دانیشتبوو هەلسایەوەو گوتی :- کاتی موژدەبەخش هاتووە. سەیریکی درەنگاوی کردە ژوورو کەلوپەلی کارو مالو مەشخەلو گۆزەی ئاوو سنتەکی رستن. ئەوکاتە هەر چوار ژنیش، دواجار پیرەمیرد، کە ئەوسا پەیوەندی بەژیانی جاویدانەوە کردبوو، لەکاتیکا دەستەکانی رادەتەکاند گوتی :- خوا ئاگادارت بێ.

هەرسێ ژنی جحیل قودرەتی وەلامدانەوەیان نەبوو، بەلام سالومەی پیر گوتی :- کوڕم بەمجۆرە سەیری ئیمە مەکە، بەشیوەیێ خوداحافیزی دەکەی

## ناوەرۆک


| | |
|---|---|
| پێشەکی چاپی دووەم | ٥ |
| بەشی یەکەم | ٧ |
| بەشی دووەم | ١٧ |
| بەشی سێهەم | ٢٩ |
| بەشی چوارەم | ٣٩ |
| بەشی پێنجەم | ٦١ |
| بەشی شەشەم | ٧٧ |
| بەشی هەفتەم | ٩٣ |
| بەشی هەشتەم | ١١٣ |
| بەشی نۆیەم | ١٣٥ |
| بەشی دەیەم | ١٥٥ |
| بەشی یازدەم | ١٧٣ |
| بەشی دوازدەهەم | ١٨٥ |
| بەشی سێزدەهەم | ٢٠٧ |
| بەشی چواردەم | ٢٢٥ |
| بەشی پازدەم | ٢٤٥ |
| بەشی شانزەهەم | ٢٦٣ |
| بەشی حەڤدەهەم | ٢٧٧ |
| بەشی هەژدەهەم | ٣٠٧ |
| بەشی نۆزدەهەم | ٣٢٧ |
| بەشی بیستەم | ٣٤٣ |
| بەشی بیستو یەکەم | ٣٥٧ |
| بەشی بیستو دوو | ٣٧٣ |
| بەشی بیستو سێیەم | ٣٩١ |
| بەشی بیستو چوارەم | ٤١١ |
| بەشی بیستو پێنجەم | ٤٢٧ |

